


بەشی یەکەم

# مامۆستا مەلا کەریم

## هەوەڵین تێکستۆلۆگی کوردی

حەسەنی قزڵجی

**١ ـ سەرەتا**
**٢ ـ مامۆستا مەلا کەریم‌و ( دیوانی مەولەوی ) ·**
**٣ ـ کاك محــــەممەدو ( شـــیرین‌و خوسرەو )ی ( خانای قوبادی ) ·**
**٤ ـ ئەوان‌و کاك فاتیح‌و شیعرەکانی ( نالی ) ·**

ـ ١ ـ

( تێکســـتۆلۆگیا ) یارمـــەتیی ڕێکوپێك‌بوونی فیلۆلۆگی[1] دەدات · ئوسووڵ‌و ڕێ‌وشوێنی لێکۆڵینـــەوەو ڕاستکردنەوەی تێکستەکان‌و مەتنەکانی کۆن‌و مێژینەی ئەدەبی دەکاتە گشتی · ئەو شتانەی کە تێکستۆلۆگیا لێیـــان دەکۆڵێتەوە بریەتین لـــە تێکستی ئەثەرەکان‌و ، لەپێش هەمـــوویانەوە تێکستی موشەخخەصی ئەدەبی کـــۆن ، ســـەنەدو بەڵگە مێژوویی‌یەکان ، بەتایبەتی ئەثەری بێ‌ناوونیشـــانی نووسەران‌و دیاریکردنی کات‌و مێژووی ئەسبەرە دێرینەکان‌و ئامادەکردنیـــان بۆ چاپ‌و بڵاوکردنەوە ·

تێکستۆلۆگیا ، ماتریاڵی تیووریك‌و مێژوویی ـ ئەوانەی کـــە بەتەواوەتی جێگای دڵنیایی‌و شەرتی بنەڕەتین بـــۆ دۆزینەوەی لایەن‌و ڕێگای دروســـت بۆ لێکۆڵینەوەو پشکنینی عیلمی‌و زانستی ـ پێشکەش دەکات ·

بۆئەوەی بگاتە ئامانجی خـــۆی ، تێکســـتۆلۆگیا خزمەتی مێتـــۆدە جۆراوجۆرەکان دەکا کـــە گرنگترینی ئەوانە لێکۆڵینـــەوەو شی‌کردنەوەی ئامانجدارە ، تا چاوگەو ڕەچەڵەی هەرە بڕوا پێ‌کراوو جێگای دڵنیایی تۆمـــار بکا · جەرەیانی هەڵەو غەڵەتەکان لـــە حالـــەتی جۆراوجۆردا پیشان‌بدات‌و تێکســـتە بنەڕەتی‌یەکەی هەوڵ سەرلەنوێ دابڕێژێتەوە · وردکردنەوەو تۆژینەوەی تێکستۆلۆگی جێگای هەوەڵی هەیە لـــە لێکۆڵینـــەوەی مێژوویی دەستنووسەکانی نووســـەرو ڕاستکردنەوەی نوسخەکان‌و نوسخەی چاپکراودا بەپێی نوسخەی نووســـەرو بیرەوەری‌یەکان‌و ماتیریاڵە پشکێنراوەـ کان‌و هی دیکە ·

بڵاوکراوە عیلمی‌و زانســـتی‌یەکان هەمیشە بیرەوەری‌یەکانی تێکستۆلۆگی‌و ڕوونکردنەوەو مانالێ‌دانەوەیان لەگەڵ‌ە· تێکستۆلۆگیا ـ وەکو زانست ـ لـــە ڕۆژگارانی زۆر کۆندا خۆی دەنوێنێ‌و کاری ڕێداکتـــۆری‌و ڕێك‌وپێك‌کردنی زاناکانی ئیسکەندەری‌یە لـــە سەردەمی ئێلنییزم ( کولتووری کۆنی یۆنـــان )دا ( سەدەکانی ١ـ٤ی پ·ز ) کە لەبارەی تێکستەکانی ( ئیلیـــادە ) هۆمێرو‌ەیان کرد ، ئەم خاسیەتەی هەبوو ·

وادیارە ئەم‌کارە ، لـــە سەدەکانی ناوەڕاستدا ، ئەوکاتەی کە زانستەکانی یۆنانی وەرگێڕدراونەتە ســـەر زمانی عەرەبی ، بەچەشـــنی ( حاشیە )و ( شەرح )و وردبوونەوە لە مەتنەکان ، لـــە نووسراوە عەرەبی‌یەکاندا پەیدا بووە · زانـــا ئایینی‌یەکانی کوردیش ئەم‌کارەیان لـــەو کتێبە عەرەبی‌یانەدا کردووە کە لەناویاندا باو بوون · بەڵام لـــە ئەدەبی کوردیدا ئەوا ئیستا پەیدا دەبێ · ئەم شانازی‌یەش وەبەر مامۆستا مەلا کەریم‌و کوڕەکانی کەوتووە ·

بۆ ئەوکەســـەی ئـــەم کارە دەکا پێویستە :

١ ـ نوســـخەی زۆر ، ئەوەندەی لەتوانادا هەیە ، پەیدا بکات ·

٢ ـ توانای ئەوەی هەبێ خەتی ئـــەو نوسخانە بخوێنێتەوە ·

٣ ـ ئەو نوسخانە لەگەڵ یەکتـــر بەراورد بکا ·

٤ ـ ئەوەندە مەندو لەسەرخۆ بێ لـــە بەراوردکردن‌و هەڵسەنگاندنی

